85 فەرمانی دەستگیرکردنی نەوەوەتی لە دژی قاچاخچیانی ماددە هەشبەرەکان دەرچوو

بەوەوە بەرایەتی کاروباری ماددە هەشبەرەکان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئەمە یەکشەممە رایگەیاند، هەماهەنگییەکی زۆر لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و بیانی هەیە بۆ بادەستکردنی ئەو کەسانەی داواکراون لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری عێراقەوە بە تۆمەتی جێراوجێر لەوانە بازرگانیکردن بەماددەی هەشبەر، لەئێستاشدا فەرمانی دەستگیرکردن لەدژی 85 تۆمەتبار دەرچوە کە بازرگانی ئەو ماددانەن.

حسێن تەمیمی، وتەبێژی بەوەوە بەرایەتی کاروباری ماددە هەشبەرەکان رایگەیاند، حکومەت بە نوێنەرایەتی وەزارەتی ناوخۆ، ئاستی هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و دەرەوە لەژێر یاداشتەکانی لێکتێگەیشتن بەرزکردەتەوە و ژمارەیەك ککەوتنی واژێکردوە، لەئێستادا هەماهەنگییەکی ئاست بەرز هەیە کە بەشداربوە لە جێبەجێکردنی زۆرك لە داواکراوان، دواترینیشیان هەشت کەس بون کە لە وڵاتی کوەیتەوە بەپشت بەستن بە فەرمانی دەستگیرکردنیان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری عێراقەوە هێنرانەوە بۆ وڵات.

ئاماژەی بەوەشکرد، بەوەبەرایەتی کاروباری ماددە هەشبەرەکان کاری هەواڵگریی وردی هەیە کە توانیویەتی بگاتە ئامانجە نەودەوەتییە گەورەکان لە بازرگانی ماددە هەشبەرەکاندا ئەو زانیارییە وردانەی کە لەبەردەستدان لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری پشکەش بە دادگاکانی کارامە کران، فەرمانی دەستگیرکردنی نەودەوەتیش لە دژی نزیکەی 85 کەسی نەودەوەتی دەرچوە کە بازرگانانی ماددە هەشبەرەکانن.